# بەرنامە يەك نەگرتووەكانى پێغەمبەران.... . كوردى

كوردی

بەشی سێیەم .... بۆ بینینی بەشەکای تر ئێرە کلیک بکە

وەک لە بەشی دووەم باسی هەندێ لەیەک نەچوونی بەرنامەکانی (موسا، عیسا و محمد) م کرد، ئەوا لەم بەشەشدا هەندێ بەندی لەیەک نەچووی تر باس ئەکەم.

بەرنامەی موسا

موسا پێغەمبەرێکی خوایی و خاوەنی پەرتووکی تەوراتە. هەروەها ناسراوە بە قسەکەر لەگەل خوا. پەرتووکەکەی بەم شێوەیە دەست پێ ئەکات.

لەپەرەی یەکەم باسی زنجیرەی باوک و باپیرانی ئەکات هەتا ئەگاتەوە ئیبراهیم خەلیل. پاشان دەگاتە درووست کردنی زەوی و گەردوون و ئادام و حەوا.

من لێرەدا هەموو بەرنامەکانی باس ناکەم تەنها چەند خالێک باس ئەکەم ئیتر ئەم خالانە ئەبن بە جێگای لێکۆلینەوە.

گاتێک لە گاتەکانی تەورات ئەلێ: کاتێک خوا لە بەهەشت پیاسەی ئەکرد ئادام و حەوای بە رووتی بینی ووتی ئەی ئێوە بە رووتین! ئنجا کەوتە قسەکردن لەگەلیان.

هەروەها لەبەشێکی تر ئەلێ: خوا ئادام و حەوای لە شێوەی خۆی درووست کرد.

من حەز ئەکەم تیشک بخەمە سەر ئەم دوو گاتە!

بێگومان بەپێی ئەم دوو بەندە خوا لە رووی قەبارە هێندە بچوک بۆتەوە وەک موسا لەبیری چۆتەوە کە خوا لە گەردوون گەورەترە ئەگینا خوا چۆن لە بەهەشت ئەتوانێ پیاسە بکات.

ئەگەر خوا لە گەردوون بچوک تر بێت ئەوا شتێکی نا مەنتیقیە، ئەم پیاسەیەی خوا زۆر شت ئەگەیەنێت:

یەک: خوا رەووشتی مرۆڤی هەیە.

دوو: خوا هێندە بە قەبارە بچوکە تەنانەت وەک بەهەشت زۆر لە خوا گەورەتر بێت وەک هێزەکی تر ئەم بەهەشت و گەردوونەی درووست کرد بێت ئەگینا خوا چۆن ئەتوانێت بە بەهەشتا دابروات.

پاشان ئەلێ خوا ووتی ئەی ئێوە بە رووتین ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە خوا زانیاری نەبووە بەلکو بێ ئاگا بووە لە رووتی ئادام و حەوا بۆیە بە سەرسورمانەوە ووتیویەتی ئەی، ووشەی ئەی بۆ زانینی شتێکی سەرسورمان بەکاردێت.

هەروەها ئەلێ خوا مرۆڤی لە شێوەی خۆی درووست کردووە، بەلاَم ئێمە ئەزانین سێ جۆرە رەگەز هەیە لە مرۆڤ دا رەگەزی نێر، رەگەزی مێ، رەگەزی نێرەموک (واتە رەگەزی نێرینەوە مێینەی تێدایە) . بەم سێ رەگەزە ئەلێن مرۆڤ بەلاَم ئەگەر خوا مرۆڤی لەسەر شێوەی خۆی درووست کردبێ ئایا خوا کام رەگەزە؟

ئەگەر خوا لەسەر شێوەی رەگەزی پیاو بێت وە ئەلێ مرۆڤم لەسەر شێوەی خۆم درووست کردووە کەواتە ئافرەت و نێرەموک بە مرۆڤی دانانێت!

ئەگەر خوا لەسەر شێوەی ئافرەت بێت ئەوا پیاو و نێرەموک بەمرۆڤ دانانرێت. بەهەمان شێوەش ئەگەر خوا لەسەر شێوەی نێرەموک بێت کەواتە پیاو و ئافرەت بە مرۆڤ دانانرێت.

چونکە سێ جۆرە ڕەگەز هەیە لە مرۆڤ و تەنها یەک خوا هەیە.

تکایە زۆر بە ووردی بیر لەم چەند خالانە بکەنەوە.

بەرنامەی عیسا

عیسا یەکەمین بانگێشەی ئەوە بوو کە کوری خوایە. واتە ڕەووشتی خوایی هەیە. بەلاّم ئەم قسەیەی هەر لە بنەڕەتەوە بەرپێچ ئەدرێتەوە چونکە یەک خوا هەیە وە نابێ هاوبەشی هەبێ.

هەندێ لە ئایندارارن بڕوایان بەوە هەیە کە عیسا ئەم بانگێشەیەی نەکردوە بەلکو پاش کۆچ کردنی خەلکان ئەم پروپاگەندەیان بۆ کردووە. بەلاّم پرسیارێکی مەنتیقی دێتە پێشمان کاتێک موسا داوای پێغەمبەرایەتی کرد بۆچی بە درێژای 1700 سالْ کەس ئەو پروپاگەندەیەی بۆ نەکرد کە کوری خوایە. خۆ موسا موعجیزەی زیاتر بوو چونکە قسەکەری خوا بووە لەسەر زەمین کەچی کەس نەیتوانی ئەم پروپاگەندەیەی بۆ بکات، بۆچی پاش کۆچ کردنی محمد مستەفا ئەم پروپاگەندەیە کرا بەلاّم سەری نەگرت دیارە هەر عیسا خۆی ووتیویەتی من کوری خوام بۆیە خەلکان لەسەر زاری ئەو ئەم قسانەیان دوویات کردۆتەوە.

هەروەها مەسیحیەکان بڕوایان بە شەهید بوونی عیسا هەیە بەلاّم زیندوو بۆتەوە و چۆتە ئاسمان.

بەرنامەی محمد مستفا

بەرنامەی محمد بەر پێچی هەردووکیان ئەداتەوە کە بەشێوەیەک بە پێغەمبەریشیان دا ئەنێت.

لە قورئاندا ئەلێ خوا لە هیچ شتێک ناچێت واتە لە مرۆڤ ناچێت ئەمەش پێچەوانەی موساییەکانە. هەروەها ئەلێت خوا زانیاری ئەوەل و ئاخیری هەیە. ئەمەش پێچەوانەی وێژەکانی موسایە.

هەروها لە قورئاندا ئەلێت خوا لە کەس نەبووە و لەکەسیش نابێت واتە نە باوکی هەبووە و نە کوری ئەبێ. ئەمەش پێچەوانەی بەرنامەکانی عیسایە.

وە هەروەها دەلێت عیسا نەمردووە بەلکو خوا کەسێکی لە شێوەی ئەو نارد و ئەمیان کوشت نەوەک عیسا.

ئیسلام بۆ ڕاست کردنەوەی بەرنامەکانی موسا و عیسا ئەلێت لە پاش کۆچ کردنی ئەم دوو پێغەمبەرە خەلکان ئاینەکانیان چەواشە کردووە و گاتەکانیان دەستکاری کردوە بەلاّم قورئان دەستکاری نەکراوە کەسیش ناتوانێ دەستکاری بکات چونکە خوا خۆی ووتیوویەتی ئێمە پارێزگاری قورئانین.

بەلاّم دەبێ پرسیارێک بکەین بۆچی خوا بایەخی بە قورئان داوە و بایەخی بە دوو پەرتووکە کەی تر نەداوە، بۆچی هێشتوویەتی خەلک دەستکاری بکەن بۆچی کە ئەم دوو پەرتووکەی تر کە هی خۆی بووە پارێزگاری نەکردووە ئاخر مرۆڤێک بە هەموو سادەی خۆیەوە کە پارچە شعرێک ئەنووسێت ئەوا پارێزگاری ئەکات ئنجا چ بۆ خوایەک کە نۆێنەرەێکی ناردووە بۆ زەوی کە کۆمەلگایەک چاک بکات لەهەمان کاتدا بایەخ بە پەرتووکەکەی نەدا. ئایا ئەمە شتێکی

مەنتیقیەیە؟! دەبێ چ هۆیەک هەبێ کە بتوانرێت بۆ گۆرانکاری و دەستکاری کردنی تەورات و ئەنجیل بەڵام کەس نەتوانێت دەستکاری قورئان بکات.

لەکاتێک کە محمد زیندوو بوو خۆی قورئانی کۆنەکردەو نەی نووسیەوە بەڵام لەسەردەمی عوسمان کوری عەفان کۆکرایەوە. بۆچی بوترس و لوقا و حەنا جێگای متمانە نین کە ئنجیلیان نووسیەوە و بەلام عوسمان جێگای متمانەیە کە قورئانی نووسیەوە. لەهەمان کاتدا هەزاران بەلگە هەیە کە قورئان لەسەردەمی عوسمان کە کۆکرایەوە بەشی بۆ دانرا. بۆ نمونە سورەتی (العلق) یەکەمین بەش بوو کە بۆ محمد ناردرا کەچی لە قورئاندا لەبەشی 96 دانراوە وە کوتای قورئان بە بەشی ( الناس) کۆتای دێت کەچی دوا گات گاتێکی تر بوو. کەواتە لەسەردەمی عوسمان بەش و رێک کردنەوەی بەشەکان دانرا، ئایا عوسمان جێگای متمانە بووە لەکاتێکدا هەزاران توومەتی خرایە پاڵ، تەنانەت هەر بەدەستی ئیسلامی زۆر نزیک لە پێغەمبەر کوژرا. وە پێش کوژرانی عوسمان، محمدی کوری ئەبو بکر کە ریشی گرت و سوکایەتی پێکرد.

بەلێ عوسمانێک کە بەم شێوەیە عەرەب و ئیسلام رێزی لێگرت بەڵام لەهەمان کاتدا جێگای متمانە بوو بۆ کۆکردنەوەی قورئان.

مەبەستی من لەوەیە یان هەرسێ پەرتووک ( تەورات و ئنجیل و قورئان) کەس نەی توانیوە دەستکاریان بکات چونکە ووشەی خوا بوونە. وە ئەگەر تەورات و ئنجیل دەستکاری کرابن کەواتە قورئانیش جێگای گومانە کە دەستکاری کرابێ چونکە 1400 ساڵی بەسەر دارۆێشتووە. وە ئەگەر قورئانیش دەستکاری نەکرابێ ئەوا بەرنامەکانی ئەم سێ پێغەمبەرانە یەک ناگرنەوە.

**تێبینی کوردستان نێت**:

**مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بلاویدەکەینەوە..... لەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.**

**ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.........** 2003-1-15